**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی كوردستانی عێراق**
**سەرۆكایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بڕیاری ژمارە (٤)لە ساڵی ٢٠٠٧**

بـە پێـی ئـەو دەسـەڵاتەی لـە بڕگـەی (١) ی مـاددەی (١٠) ی (یاسـای سـەرۆكایەتی هـەرێمی كوردسـتان – عێـراق)ی ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ پێمـان دراوەو، بـە پاڵپـشتی ئـەو یاسـاكاری یـەی ئەنجومـەنی نیـشتمانی كوردسـتان – عێـراق لـە دانیـشتنی ژمـارە (١١)ی رۆژی (٢٠٠٧/٤/١٨) ی خۆیدا كردویەتی بریارمان دا بە دەركردنی .

**یاسای ژمارە( ٧ )ی ساڵی ٢٠٠٧**
**یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای سەندووقی خانەنشینی پارێزەرانی هەرێمی كوردستان ـ عێراق ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩**

**ماددەی یەكەم:**

بڕگـەی (یەكـەم) لـە (دووەمـدا) لـە مـاددەی شەشـەمی یاسـاكە هـەموار دەكـرێ ئەمـەی خوارەوە جی ی دەگرێتەوە.

یەكەم: بڕی بەشـداریی كردنـی سـاڵانە بـەپێی مـاوەی تۆماركردنیان،لـە پـارێزەران بـەم شـێوەیەی خوارەوە وەردەگیرێت.

أ- (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار ئەگەر (سێ) ساڵ بەسەر تۆماركردنی تێنەپەری بێت.
ب- (٤٠٠٠٠) چل هەزار دینار ئەگەر (سێ) ساڵ بەسەر تۆماركردنی دا تێپەری بێت.
ج-(٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار ئەگەر (پێنج) ساڵ بەسەر تۆمار كردنی دا تێپەری بێت.
د- (٦٠٠٠٠) شەست هەزار دینار ئەگەر(دە) ساڵ بەسەر تۆماركردنی تێپەری بێت.
هـ- (٧٠٠٠٠) حـەفتا هـەزار دینـار ئەگـەر (پـازدە) سـاڵ بەسـەر تۆمـاركردنی دا تێپـەری بێت.
و- (٧٥٠٠٠) حەفتا وپێـنج هـەزار دینـار ئەگـەر (بیـست) سـاڵ یـا زیـاتر بەسـەر تۆمـاركردنی دا تێپەری بێت.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی دووەم:**

ماددەی (١٥) لە یاساکە هەموارەکرێ وبەم جۆرە دەخوێنرێتەوە:

مووچـەی خانەنـشینی تـەرخان دەکرێـت لەسـەر بنـەمای (٢٠٠٠) دوو هـەزار دینـار بـۆ هـەر مانگێـك بـۆ مـاوەی خانەنـشینی بـەپێی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە وبـۆ ئـەم مەبەسـتەش بەشـی مانگی دوایی بەمانگی تەواو دادەنرێت.

**ماددەی سێیەم:**

مادده (١٦) لە یاساکە هەڵدەوەشێتەوە ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

دەکرێــت مــافی خانەنــشینی پارێزەرایــەتی وفەرمانبەریــەتی یــا کــارکردن یــا هــەر مــافێکی خانەنــشینی لــە ســندووقێکی تــر بخرێتــە ســەر یــەك بــە مــەرجێك هــەمووی لــە (٧٥٠٠٠٠) حەوت سەد وپەنجا هەزار دینار تێنەبەرێت.

**ماددەی چوارەم:**

بڕگەی دووەم لە مادده (٢٠) هەڵدەوەشێتەوە وئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:ـ

دووەم: لـــە کـــاتی ئیعتیرازکردنـــی پـــارێزەر یـــا خانەنـــشین لـــەلای ئەنجومـــەنی وردەکـــاریی(١٥٠٠٠) پـــازدە هـــەزار دینـــار وەك یارمتـــە لێـــوەردەگیرێ وکاتێـــك کـــە دەرکەوت لە ئیعتیرازەکەی خاوەن هەقە ئەوا پارەکەی بۆ دەگەڕێتەوە.

**ماددەی پێنجەم:** ماددەی (٢١)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە بەم شێوەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

بەدەر لە حوکمەکانی ماددەکانی پێشوو دەستە ئەمانە دەبەخشێ:

١- خێزانــی ئــەو پارێزەرانــەی کــە لــە ئــەنجامی بزووتنــەوەی رزگــاریخوازی کوردســتان ـ عــیراق شــەهید بــوون مووچــەیەکی خانەنــشینیان پــێ دەدرێ کــە مانگانــە (٤٠٠٠٠٠)چوارسەد هەزار دینار کەمتر نەبێ.

٢- خێزانــەکانی ئــەو پارێزەرانــەی کۆچــی دواییــان کــردووە لــە دوای کــشانەوەی دەســتەڵاتی مەرکــەزی لــە کــارگێڕیی کوردســتان لــە ١٩٩١/١٠/٢٣وە تــاکو دەرچــوونی یاســای ســندووقی خانەنــشینی پارێزەرایــەتی ژمــارە (١٨)ی ســاڵی ١٩٩٩ مووچــەیەکی خانەنــشینیان پێــدەدرێ مانگانــە لــە (٣٠٠٠٠٠) ســێ ســەد هەزار دینار کەمتر نەبێ.

**ماددەی شەشەم:**

حوکمەکانی ئـەم یاسـایە ئـەو پارێزەرانـەش دەگرێتـەوە کـە پێـشتر بـەر لـە جێبـەجێ کردنـی ئـەم یاسایە خانەنشین کراون ومۆوچەکانیان بەو پێیە هەموار دەکرێ.

www.mojkurdistan.com

**ماددەی حەوتەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیاریك ناکرێت گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی هەشتەم:**

پێویستە لەسەر وەزیرە تایبەتمەند ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هــــەولێر**

٢٢ / نەورۆز / ٢٧٠٧ ی کوردی .

١١ / نیسان /٢٠٠٧ ی زایینی.

٢٣ / ربیع الاول / ١٤٢٨ ی کۆچی.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com